ئیسماعیل یاسین

# له شه‌قامی شاری دڵم

له شه‌قامی شاری دڵم

به ناو جوانی پیاسه‌ده‌که‌م

سه‌یری ڕومه‌ت به گوڵ و

سه‌یری دوو چاوی گه‌ش ده‌که‌م،

سه‌یری نیگای به‌یانیان و

سه‌یری زوڵفی ئاوریشمه‌که‌م

سه‌یری کیژی شۆخ و شه‌نگ و

سه‌یری ئه‌ده‌ب دۆستیش ده‌که‌م،

هێندێک جوانن ڕوخسار مانگ و وه‌ک سنه‌وبه‌ر

چاویان جوانه وه‌ک به‌هارێک سه‌وز و دڵبه‌ر

پێکه‌نین و خه‌نده‌ی پڕشنیگی پڕ له شه‌رم

نمه‌ی باران و چه‌تر و باوه‌شی گه‌رم،

قسه‌ی شیرین شیعری ناسک ماچی نه‌رم

ئه‌و جوانیانه‌ی که باسم کرد

هه‌مووی له تۆ کۆ بۆته‌وه

چۆن باوه‌ڕ بێنم به دڵم

که به‌بێ تۆ ژیر بێته‌وه؟!

٥

# ئازیزی کۆن و ئێستا

شەو بە خەیاڵی میحرابی چاوانی تۆیە

ئازیزم، بۆ وا دوری لێم؟

دڵ وەک مەلێک لە قەفەزی دەستی تۆیە

کاتی نەهات بڵێی دێم؟

ئەی دڵ زویر مەبە لەم بێ کەسییە

دە تۆش بەس زویر بە لێم،

لەم بێ کەسییەت کەست قەفەز بە دەستە

ئازادم کە تا وەک و جاران بێم

چاو ڕاست دەڵێ میحرابی ئەو گشت کەستە

بۆیە لە باوەشت چاو لێک دەنێم،

لەم دێڕەدا بێ ئاگام و فرمێسکێکم

شیعرەکەمی تەڕ کردووە


بە خەیاڵی نامەیەکی تۆم پێم بڵێی

سەلام ئەزیزی کۆن و ئێستا.!



# میهرەبانی

ترسم هەیە ئاهی دڵم ڕۆژێک ئازاری تۆ بدا
من قبوڵمە بەڵام خودا ئازاری من قبوڵ نەکا
قەینا ئازیز من گەردنت ئازا دەکەم
بە قەد هەموو گریانێکم داوای دڵ خۆشیت بۆ دەکەم
بە قەد ساڵەکانی دوریت لە خودا نێزیک ببی
لەگەڵ هەموو ئازارێکم دڵ خۆشتر و ئارام تر بی
قەینا با من هەر سیس تر و گۆشەگیر و موم سپی بێ
تۆ هەر جوان و درەوشاوە و ڕوخساریشت پڕ لە نور بێ
کەس هەست نەکا لە سیمای تۆ کە ئازاری منت داوە
کە نەک جارێک چەندەها جار دڵی منت شکاندوە
پەڕی شیعرت گریاندوە، هەستی منت ڕوخاندوە
دەست بۆ وشەی ناسک ببەم هەمویت هەڵوەراندوە
قەینا ئازیز هەر گەردنت ئازا دەکەم
گەر خودا ڕێگەم پێ بدا
من مەرگیشت لێ وەر دەگرم..



٥

# دڵبەر

تۆ جوانتری لەو ژیانەی تێیدا دەژیم

ناسکتری لەو شیعرانەی کەپڕ بە دڵ بۆتم نوسین

لە ڕووی تۆ نەخشی خاڵقی مەخلوق دیارە

لەسەر پێسکی تەنک و ناسک دەمارەکانی دیارە

خۆ خوانەکا بە حەسرەتی چەندین ساڵەم

باوەش بکەم بەو جوانەدا

زۆر دەترسم لە ناسکی و لە بزێوی

ورد ورد ببێ گۆشت و ئێسک

لەو جوانە عەیارەدا..

# لەبیر مەکە

لەبیر مەکە

تۆ ئەو کچەی لە زوەوە بەرگەت گرتوە

کە پێویستت بە کەسێک بوو، خۆت دەستی خۆتت گرتوە

چەندەها شەو بەدەم گریان، خۆتت لە باوەش گرتوە

تۆ ئەو کچە شانەکانت هێندە بچووک

خەمەکانت هێندە گەورەن

دڵت بەهەشتکی گەورە، ئەویش کوڕێکی بێ هەست و ئەقڵ بچوک

بیرتە چەدنت ئازار بینی و چەند بێ کەس بووی

لە شەوانی تەنیای دا ، خۆت فرمێسکی خۆتت دەسڕی

تامەزرۆی شانێک بووی لەسەری بگری

بەڵام مرۆڤێک نەبوو بڵێ مەگری

لەبیرتە کە دەتویست بمری، بەڵام خودا هێزی پێدای

تاکوو بژی، بیرتە چەند ئازاری خۆت دا

تاکوو ببی بەو کچەی ئێستا

هەمیشە هەوڵت دڵخۆشیان بوو

کەچی هیچ کەس لە خەمی تۆدا نەبوو

## پەیامی دڵ



لەبەر هەستی زۆر کەس بێ دەنگ بووی

کەچی بە خراپیش باسیان کردی

لەبیر مەکە تۆ ئەو کچەی بەرگەت گرتوە

دوای ئەو هەموە خەمە قژەکانت نەبڕیوە و

وا هێندە جوان شانەت کردوە

سوراوەکەت کاڵ نەبۆتەوە

وەک شەونمە بەسەر لێوتەوە

سەرت بەرزە خۆت نەدۆڕاندوە

بۆ خۆشی خۆت دڵی کەست نەشکاندوە

لە باجی دڵ شکان و خیانەت ئەگەی

لە دوعای زوڵم لێ کراوان دەکەی

لەبیر مەکە تۆ کچی

خودا بە تایبەت دروستی کردوی

فریشتەکان پێت سەرسام بوون

چەندان پرسیاریان بێ وەڵام بوون

تا خودا فەرمووی من ئافرەتم دروست کرد

بە جوانی و ناسکی

هێندەش بەهێز بێت

بەرامبەر هەموو ناخۆشیەکانی ژیانی..

ئیسماعیل یاسین

# دەستەکانم هێند دەلەرزن

دەستەکانم هێند دەلەرزن، وا خەریکە ئەتوێنەوە،

سیگاریش خۆی پێ ناگیرێ، ئەویش وا بەر ئەوبێتەوە

تۆ دەزانی بەو قسانە دڵم دەکولێتەوە.؟

بە هێواشی ترپە ئەکا ئەویش وا خاو ئەبێتەوە،

تۆ دەترسای لە خیانەت و ڕۆیشتنم.!

کەچی ئێستا بەو قسانەت هانم دەدەی تاکوو بمرم.؟

ئەو خودایەی نوێژی بۆ ئەکای خودای دڵ شکاوانیشە!

وەک چۆن دڵت لێ شکاندم دەرت دەهێنێ لە ڕیشە!

تۆش وات لێدێ کە شەوانە ئیتر بۆ کەسێک بگری،

بۆ هیوا و بەڵێنێکی ژیان ئامادە بی تاکوو بمری

کەسێک دەبێ بە تۆش بڵێ ئیتر حەزم پێت نییە


ئێستا ژیانی خۆم ئەژیم برسی تۆم نییە،

کەسێک دەبێ چەندان

قسە و شیعری جوانی بۆ بنوسی و بیڵێیتەوە

کەچی زۆر لێت بێ باک بێ و

هەر نەشی خوێنێتەوە..!



# ئاهۆ ئاسک

وەختێ ئاهۆ ئاسک چووە دیدەنی یار

فەرمووی معشوق مەیلی جارانی دەوێ

نووساری یارت سەوقاتت کەوێ

فەرمووی نوساری شیعر و کاغەز


بە من چی هەر دەردە

من لە چاوانی مەحبوبی دڵم

مەیلی جارانم دەوێ

ترپەی دڵی ئاوازێک و

چاوانی هۆندراوەم بۆ دەچرێ..



# جاران

جاران کە نامەیەکت بۆم ئەنارد
خەمت لێ دوور ئەخستم

خەندە و خۆشی یەک لە دوای یەک
لەسەر لێوت ڕا ئەخستم

جاران کە تۆ لە پشتم بووی
لە گشت دونیا بێ منەت بووم

ئەموت زەحمەت ڕۆژێ دابێ
بڵێم لە ژیان بەد بەخت بووم

ئێستا ژوانی جاری جاران
بۆتە سەراب لەبەر چاوم

خەماکەشم لێم بێزارە
شیعری جودایی دەنوسم

ئێستاکانە هیچ شیعرێکم
خەیاڵم بۆ لای تۆ نابا

هیچ گۆرانی و مەقامێکیش
تەزوو لە دڵ و گیان نادا

بەردەم دەرگای ماڵی ئێوەش
ترپەی دڵم خێرا ناکا

هەر وەک بڵێی دڵەی شێتم
لەڕاستییەکان دەشارمەوە

ئەو ئەقلەشی کەوا هەمبوو
لە بڕیاردان دەدزمەوە

ئەڵێی باش بی یان نا هیچ ناگۆڕێ
سەد ئەوەندەش دڵ بشکێنی

دڵ هیوای لێ نابڕێ
ئەڵێم ڕۆژێ دێ دێیتەوە

هەقی دڵ شکانم
بە زیادەوەش دەدەیتەوە

هۆکاری گریان و شینم
هەمووی بۆ ڕوون دەکەیتەوە

ئەوکات هەست و شعوریشم
بۆ لا دەگەڕێنیتەوە..



# سێگۆشەی هیوا

ئازیزەکەم وا هەست مەکە کە لێک دورین

ئەوینمان  لە ساردی دایە

گەڵای هیوا هەڵوەریوە و

خەزان لە سەر ئیشق دایە


هەر چەند دوور بی وا هەست دەکەم

هەر لەلامی و دەستت لەناو ڕۆحم دایە

من لە عیشق وا فێر بومە

کە ئەو ڕۆژەی تۆ پێبکەنی

خەندە و خۆشی لەسەر لێوەکانم دایە..



# مانگ

من هەموو ڕۆژ لەگەڵ سەحەر دوعام دەکرد

خودا بمکات بە میوانی

ئەوکات ڕۆژی نەک هەر جارێک

سەد جار دەبوم بە قوربانی


لەگەڵ هەموو باوەشێک

بۆخۆم دەبوم بە حەیرانی

خودا سوباس بۆتۆ

شاجوانێکت بە من بەخشی

لەناو هەموو دونیای جوانی..



# نهێنی

به نهێنی دەتهێڵمەوە

تا ئەوساتەی

دەتبینمەوە

با کەس نەزانێ به دیدارمان

با کەس نەزانێ

به قەولی ئێستامان

گەر کەس نەیزانیبا ئەم دوورییه نەدەبوو

تەنها دەڵێم خودا ئەوە بگرێ

که به بوونمان دڵخۆش نەبوو..



٥

